**مارین:**

هەقیەتی.

**گینا:**

منالّەکە هەقیەتی، کەچی من هەقم نییە! وا نییە؟ پێم بلّێ، داخوا منیش هەقم نییە؟ دەی تۆیش مەحکەمەم بکە، من حاکمم زۆرن.. هەمووشیان نهێنین، لە چاویان ڕا دیارە دەترسن ، بەلاّم لەو دیوی زاتی ئەوەیان نییە، بەروەڕوو لە گولّێم گرانتر پێ بلّێن. کەچی هەموویان پاشملە پستە پستیانە: (ئافرەتێکی خراپە، ئەو زیرەک بوو، فریوی داو هەلاّت ..) چونکە منیش بڕوام بەو زیرەکییە هەلّخەلّەتێنەرەی هەبوو، ئەوەیان بە کفر زانی .. دەی تۆیش محاکەمەم بکە، چونکە تۆ یاسایی!

**مارین:**

بەلاّم ئەمانە یاسای ترن، جیاوازن ، تۆ بە خۆت دەبینی تەنانەت ئەم یاسایانەش وەک ڕەنگ وان بە لەشی حاکمەکانەوە... تا زووە یا بڕۆین دەنا درەنگ دادێ، گەر بەم شێوەیە ڕێ بکەین شەو دادێ خواش دەزانێ کەی دەگەینە جێ؟

**گینا:**

ئەگەر ئیشی تۆ بە ڕۆیشتن پێک بێ. با بڕۆین..

**مارین:**

ڕاوەستە، من لکەدارەکان هەلّدەگرم، تۆش پەلکەدارەکان بە دەستێک و تفەنگەکەیش بە دەستێکی تر هەلّبگرە.

**گینا:**

ڕاستی ئەوە تۆی، یا کەسێکی ترە؟

**مارین:**

جا بۆ چی من نیم؟ یاسا هەرگیز ڕێی ئەوە ناگرێ ئەم کولّە لەباتی ئافرەتێک هەلّبگرم.. ها بەچی پێدەکەنی؟



**گینا:**

وای بۆ کەسێ تیلە چاوێکی لێ بووینایەو بەم جۆرە وێنەییێکی فۆتۆگرافی بگرتباین و بۆ دەزگای دارستانی ناردبا.؟!!

(**2**)

**گینا:**

بوەستە، چیتر نەڕۆی...

**مارین:**

چییە؟ ماندوو بووی؟

**گینا:**

نەوەلّلا، بەلاّم وتم پشوویێ بدەین.

مارین:

گەر هەروا بڕوا هەموو دەقیقەیەک بوەستین، ئیمشەو لە دارستان دەمێنینەوە.

**گینا:**

جا ئەوە دەتترسێنێ؟

**مارین:**

ترسی چی؟!

**گینا:**

دەتوانم گوللە بارانت بکەم.

